گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# پرۆژەی ئاوی سەنحاریب بۆ هەولێر 681پ،ز لەنێوان زانستی ئەفسانەناسیی و شوێنەوارناسیی دا

## -لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی بەراوردکاریی ئەفسانەیی مێژوویە-

مەولود ئیبراهیم حەسەن
بەشی کوردی, کۆلێژی زمان, / زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، عیراق
dr.mawlud@gmail.com
mawlud.hassan@su.edu.krd

زانیاریەکانی توێژینەوە

بەرواری توێژینەوە:
وەرگرتن:2020/5/15
پەسەندکردن:2020/7/20
بڵاو کردنەوە:بەهاری2020

ووشە سەرەکییەکان
Mythology, Archology, Sanareeb, Ishtar Arbilla, khariz, Water leg

Doi:

10.25212/lfu.qzj.5.2.05

## پوختە

ئەمڕۆ زانستەکان هە تا دێت لێک نزیک دەبنەوەو پەیوەندیەکانیان پتر دەر دەکەوێ ، هەتا زانستە مرۆڤایەتی و زانستە تاقیگەییەکانیش ، چۆن ئەوە( مرۆڤ )ە هەموو ئەم زانستانە دادەهێنێ و بە کاریان دێنێ ! واتە ئەم زانستانە لە هەموو زەمەنێک و بە هەموو جۆرە زانستیەکانیەوە بەرهەمی ( مێشک ) ی مرۆڤن و مێشکی مرۆڤ نێوەندی بیرکردنەوەو کار لە سەر کردنیە تی بە هە مووزانستە کانییەوە.

ئە فسانەو شوێنەوارێش دوو بەرهە می هە رە کۆنی مرۆڤایەتین وپە یوە ندییەکی لە مێژینەیان پێکەوە هە یە و لە زۆرکات تەواوکەری یەکترن .ئە م لێکۆلینەوەیەش هەوڵدەدات ئەو پەیوەندییە لە نێوان (پرۆژەی ئاوی سەنحاریب بۆ هەولێرا٦٨١ پ.ز وئەفسانەی جۆگەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

عاشقان) بدۆزیتەوەوجیاوازیەئەفسانەیی و شوێنەوارییە کە یان بخاتە بەرچاو.

لەم لێکۆلینەوەیەدا دەردەکەوێ ، ئەفسانە جگە لە وەی بەشێکی ڕاستیە مێژووییە شوێنەواریەکە دووبارە دەکاتەوە ،هە ندێ جار بابەتی تازەش لە م ڕووە وە دەخاتە ڕوو، ئەوا گۆڕانکارییەکی زۆریش لە ( کە سایەتی وشوێن و زەمەن و ڕووداو ) یشەوە دەکات . لە گەڵ ئەوەش دەردەکەوێ کە ئەفسانە هە مێشەپێیەکی لەر سەشانی ڕاستیی شوێن و ڕووداوکانە .ئەمەش ئەمە دەردەخات کە ئەم دووانە تەواوکەری یەکترن .بەڵام، ئەفسانە لە گێڕانەوەی مێژوو و ڕووداوەکان دا شێوازوزمانی تایبەت بە خۆی هە یە ،کە زۆرجار هێما بەکاردێنی وگۆڕانکاری لە زەمەن و کە سایەتیەکاندا دەکات .ئەمەش لێکۆڵەری ئەفسانەو شوینەوار دەخاتە بەردەم کاریکی گرنگ.

لێکۆڵەر بە بەکارهێنانی ڕێبازی – شیکاریی بەراوردکاریی – هە وڵی داوە پەیوەندییەکانی نێوان ++ شوێنەوار لە پرۆژەی سەنحاریب و جۆگەی عاشقان بدۆزیتەوەو دواجار بگاتە چەند ئەنجامیک و چەند پێشنیارێکیش بخاتە بەرچاوی پسپۆرانی ئەم دووبوارە گرنگە ،بۆ ئەوەی لە مە ودوا پسپۆرانی کورد سەرنجی بدەن و لە بەرچاوی بگرن وخزمەتێکی زۆرتر لەم ڕووەوە بە کلتورو شارستانیەتی کوردستان بکەن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشەکی:

لەنێوان زانستی ئەفسانە ناسیی وزانستی شوێنەوار ناسییدا مرۆڤ لەبەردەوامی ژیانو گۆڕانی بەردەوامی شارستانییەتەکان بەرهەمی زۆری کاروبیری خۆی بەجێهشتووە، کەلەپۆلینکردنیاندا هەر جۆرەو زانستێکی بەدوای خۆیدا هێناوە.

ئەگەر بەدەست (کەرستەی ناو ماڵ) ی دروستکردووەو خانوو کۆشكو پەرستگاو پردو قەڵای هەڵناوە، ئێستا ئەمانە بەپاشماوە شوێنەوارییەکان ناودەبرێن و زانستی ناسینی ئەم دەستکردە جۆراو جۆرانەش بوە بە)زانستی شوێنەواڕ ناسیی.(Archaeology -

هەروەها ئەوەش لەئەنجامی کارکردن و بیرکردنەوە لەنێو زماندا ماوەتەو بەفۆلکلۆر دەناسرێ، لەنێو فۆلکلۆریشدا ئەفسانەبەشە هەرە گرنگەکەیەتیو ئەمیش) زانستی ئەفسانە ناسیی (Mythology -بەدوا داهات، هەر بەمشێوەیە ئایینو مێژوو کلتوورو... تا دوایی هەر یەکەیان بوون بەزانستی سەربەخۆ، واتە ئەوبەرهەمانە ئەگەر لەکۆندامرۆڤ پێی دەژیاو تێیدا دەژیا،ئیستا مرۆڤ لەسایەیانەوە دەیەوێ شارەزای جۆری ژیانی ئەو سەردەمە کۆنەبێت.

گرنگی ئەم بابەتەو گرفتەکانی:

ئەگەر تا ماوەیەکی زۆر زانستەکان بەتەنیاو یەك مل کاریان لە سەردکرا، ئەوا ئێستا دەمێکە دەرکەوتووە، کەزانستەکان کەم و زۆر تەواوکەری یەکترن بەتایبەت (زانستە مرۆڤایەتیەکان) هەربۆیە لەنێوان ئەفسانەو مێژوو ئەفسانەو ئایین پەیوەندییەکی زۆرو گرنگ هەیە. بەتایبەت ئەفسانەو شوێنەوار تەواوکەری یەکترن.

لێرەوە گرنگی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوە بەراوردکارییە دووزانستە دەردەکەوێو پێویستە دەکات گرنگی تایبەتی پێبدرێ بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی تەواو زانستی کورد بتوانێ هێماکانی شارستانییە کۆن و رابردووی خۆی شیبکاتەوەو تێبگات.

1-1 ئەفسانەو شوێنەوار:

ئەفسانەو شوێنەوار دوو بابەتن گرنگیەکی زۆریان پێکەوە هەیە، چونکە هەردووکیان بەرهەمی (عەقل و دەست)ی(*1)مرۆڤن.

هەروەها هەردووکیان لەکۆنی و مێژوویيدا وەك يەكن، هەرچی ئەفسانەیە بەرهەمی جۆرێك لەدیدو بۆچوونی مرۆڤەو زۆرتر لەنێو زماندا دەمێنێتەوە، هەندێجاریش دەچێتە ناو دەستکردەکان، وەك ئەو پەیکەرانەی کە دیدو بۆچوونە ئەفسانەییەکان بەرجەستە دەکەن، بۆ نموونە: پەیکەری ئەسپو گای باڵدارو سەر مرۆڤو پەیکەری خوداوەندان.

هەرچی شوێنەوارە زۆرتر لەبابەتە دەستکردەکان خۆی دەردەخات،ئەویش بەم شێوەیە:

-ئەو دەستکردانەی کە مرۆڤ بەدەست و جەستەبەکاریان دێنێ.

-ئەوەی دەست، شیرو ڕمو تیروکەوانو. هتد.

-ئەوەی جەستە: خودەی پاڵەوانو تاجی سەری پاشاو زرێپۆشو کەرستەکانی جەنگو خۆرازاندنەوەو جوانی ژنو پیاوان.

-دەستکردی گەورە: کۆشك، پەرستگا، خانوو و قەڵاتو پردو لەغەم و خەندەقی ژێر زەوی. هتد.

ئەگەر ئەفسانەکان لەنێو زمانداماونەتەوەو دەقیانگرتووە ئەوا شوێنەوار لەسەر زەویو ژێر زەویدا بەشێواویو تێکدراویو شکاوی هەندێجاریش بەساغی دەدۆزرێنەوە.

هەر بەهۆی ئەو پەیوەندییەکۆنو ریشەییە کە زۆر جار ئەفسانەو شوێنەوار تەواوکەری یەکترنو هەردووکیان باسی مێژوویێكو شوێنێكو کۆمەڵگایەك دەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کەلێکۆڵەران زانیاری زۆرتریان لە بارەی ئەم جۆرە شوێنەوارو ئەفسانانە بەدەست بکەوێت. پێناسەی زانستی شوێنەوارناسیی:

زانستی شوێنەوارناسیی) ئەرکیۆلۆژی (Archaeology– لەبنەڕەتدا زانستێکی یۆنانییەو وشەکە لەدوبەش پێکهاتووە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

)ئەرکیۆس Archios -واتە کۆن‌و- لۆجۆس -Logos واتە زانست‌و ناسینی بابەتێك) (١٩. بلاد اشور٢٠١٧/٥١٢.)

زانستی شوێنەوارناسیی: {واتە توێژینەوە لەشارستانیەتی مرۆڤ و دۆزینەوەو شیکردنەوەی پاشماوە ماددیەکان‌و دەرخستنی ژینگەکەی، هەتا باڵەخانەو سازیەکان‌و دەستکردەکان‌و راستیە ژیارییەکان}(١٦.سوسو..٢٠١٧/٤/١٥).

دەبێ ئەوەش بڵێین پەیوەندییەکی گرنگ لەنێوان ئەفسانەو مێژوو و شوێنەواردا هەیە، وەك ئەوەی کەهەموو دەچنە نێو خانەی زانستە مرۆڤیەتییەکان.

-2-زانستی ئەفسانە ناسیی Archology :

زانستی ئەفسانەناسی زاسنتێکی فراوانەو بەهۆی ئەو فراوانییەی پێناسەی جۆراو جۆری بۆ کراوە، کەهەریەك لەو پێناسانە پەیوەستە بە ئەفسانەو ئەو بابەتەی کە لەگەڵیا لێیکۆڵراوەتەوە، بۆ نموونە: ئەوپێناسەیەی بۆ ئەفسانە دەگونجێ لەکاتێکدا کەباس لە ئەفسانەو کۆمەڵناسیی دەکرێ جیایە لەگەلأ ئەو پێناسەیەی باسی ئەفسانەو دەروونناسیی دەکات، هەربۆیە ئێمەش بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەو پێناسەیە بەگونجاو دەزانین کەباسی ئەفسانەو مێژوو ئەفسانەو شوێنەوار دەکات.

لەپێناسەیەکی ئەفسانەدا گوتراوە: (ئەفسانە حەکایەتێکی پیرۆزە، ئەوانەی کەلەرۆشنبیریی خۆیان بەرهەمیان هێناوە، پڕوا بەراستی رووداوەکانی دەکەن)(١٤.اربیل.١٠١٧/١١/١٧).

دەبینین لەو پێناسەیەدا بۆئەفسانە وشەی – حەکایەت-و- رووداو- هاتووە کەخەڵکە کە پڕوایان پێیان هەیە، ئەم دوو وشەیەش لەنێو خۆیاندە بەشێك لەمێژوو پەنادەدەن.

هەروەها دەبینین مالینوفسکی دەنووسێ: (ئەفسانە لەکۆمەڵگاسەرەتاییەکاندا لەپێکهاتەی رەسەنی زیندووی خۆیدا، ئەو چیرۆك نییە، بەڵکو راستییەکە کەتێیدا دەژین‌و بەهۆیەوە باس لەژیانی ئاسایی خۆیان دەکەن)(١٥.السواح.٢٠١٨/١/١).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوەش ئەو پەیوەندییەمان بۆ دووپات دەکاتەوە کە لەنێوان- ئەفسانە- و- شوێنەوار- و- مێژوو- دا هەیە، هەر بۆیە نموونە لەداستانە پر ئەفسانەکەی (گلگامش)دا ئەفسانەو مێژوو هەیە، لەگەلأ ئەوەشدا پەیکەری گلگامش(*2)، دۆزراوەتەوە کەئەویش دەچێتە نێو شوێنەوار هەر بۆیە دەتوانین بەم هێلکارییە ئەم پەیوەندییە چاکتر روون دەکاتەوە.

هێلکاریی پەیوەندی نێوان ئەفسانەو ئایین و شوێنەوارو مێژوو




هەولێر ئەوشارەیە کەلەجیهاندا واناسراوە (کۆنترین شارە تائێستا بەئاوەدانی ماوەتەوە) ئەگەر لەو ناساندنە بە – کۆنترین –شار پێناسە دەکرێت، ئەوا مێژووی دروستکردنەکەشی بۆ سەردەمی زووی سۆمەریەکان دەگەڕێننەوە، کە گوتراوە: (هەولێر شارێکە باپیرانی سۆمەریەکان دروستیان کردووە)(.5ئینسکلۆپیدیا، ٢٠٠٩،ب١،ل30).

هەندێکیشیان ئەو زەمەنی دروستکردنە بۆ (هەزارەی شەشەمی پێش زایین) دەگێڕێننەوە.

ئەوەش زانراوە کەسۆمەریەکان لەهەزارەی پێنجەمو چوارەمی پێش زایین چوونەتە خوارووی – عێراقی ئەمڕۆ (5)، ئەگەرمێژووی (گردی قالینج ئاغا)(١٣.اربیل.١٠/١/٢٠١٨)،

لەگەل مێژووی شاری هەولێر وەك یەك بژمێرین ئەوا سەردەمی نیشتەجێ بوون لەگردی قالینج ئاغا لەسەر قسەی دکتۆر (بەهنام ئەبولوسف) بۆ (هەزارەی حەوتەم دەگەڕێەوە)( ١٢.اربیل.٢٠١٨/١/١٠)، کەواتە زەمەنی دروستکردنەکەی دەگەڕێتەوە هەزارەی حەوتەمی پێش زایینو تەمەنی دروستکردنەکەشی دەکاتە نۆ هەزار ساڵ.

4-1 -ناوی شاری هەولێر – ئۆربیللومUrbillum -

ئەوە زانراوە هەرمیللەتێك شار ێك دروست بکات هەر ئەو میللەتەش ناوی لێدەنێت، هەربۆیە لەیەکەم ناوهاتنی ناوی شاری هەولێر لەدەقێکی کۆنی نووسراوی سۆمەرییەکانە )ئۆربیللوم Urbilum) -لەسەردەمی (سۆلکی شای سۆمەری)(3ئینسیکلۆپیدی،٢٠٠٩-4،ل710). داناوی هاتووە .

دەبینین لەیەکەم ناوهاتنی ناوی هەولێر- ئۆربیلو- لەدەقێکی سۆمەری و بەزمانی سۆمەری ناوی هاتووەو پسپۆڕانیش کۆکن لەسەر ئەوەی کە ناوەکەش بەزمانی سۆمەرییە(ئۆربل ← ئۆربیل← ئۆربیلو ← ئۆربیللوم) ناوەکەش ئاوا شی دەکەنەوە.

-ئۆر= شوێن ،پەرستگا، شار.

-بل= بیل= ناوی خوداوەندێکە.

-لو= للوم= پاشگرە (15،السواح، ل247-248).

هەر ئەم ناوەکۆنە- ئۆربل-ە بەشێوەیەکی بەردەوام دووبارە بووەتەوە، لەگەڵ هەندێ گۆڕانکاری، بەڵام، دواجار –ئۆربل-ئۆربیل-ئەربیل –هکەی خۆی پاراستووە. ئەوەتە مێژوو نووسی شاری هەولێر (ئیبن مستەوفی- 563هـ)(38)، مێژووی شاری هەولێر لەژێر ناوی (مێژووی ئوربل- تاريخ أربل) دادەنوسێتەوە ئەمەش جارێکی دیکە کۆنیو رەسەنی بەردەوامی ناوەکە دەسەلمێنێ.

لەزۆر سەرچاوەش ناوی هەولێر بە – ئەربیللا Arbilla -هاتووە، بەتایبەت لەگەڵ ناوی – عەشتار- ئەشتار- خوداوەندی گەورەو ناوداری مێژووەکان، ئەمە زانراوە ناوی عەشتار- ئەشتار لەناوی خوداوەندی ئینەنناوە هاتووە، کەچیرۆكو داستانی –ئینەنناو دەمووزی-

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یەوە هاتووە کەکۆنترین داستانی ئایینی کشتوکاڵو سروشتی ئەفسانەیی سۆمەریەکانە. مێژوونووسەکان، مێژووی ئەم داستانە بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی کشتوکاڵی ئەشکەوت (15000 تا 12000) هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێننەوە، ئەوەش پشتگیری ئەوڕایە دەکات کەشاری هەولێر هەر لەسەرەتاوە وەك شارێکی ئایینی و پەرستگایەك دروستکراوە، لەناوەکەدا ئەمە جوان دەردەکەوێ، ئوربل واتە شاری خوداوەند،پەرستگای خوداوەند دواجار بەهۆی گەورەیی‌و ناوداریی (ئینەننا- و- دەمووزی-ئەشتار دەموورزی) ناوی ئەستار، عەشتار بۆناوی پەرستگا ناوی شاری هەولێر بەشێوەی (عەشتار ئەربیللا)(١٢، السواح..2/1/1٢٠١٨) بەکار دێت‌و ئەو پەرستگایە ناو بانگێکی جیهانی و بەردەوام پەیدا دەکات‌و بەهۆی گەورەیی پیرۆزی ئاینیەوە دەبێت زیارەتگای پاشاو پیاوانی ی ئایینی‌و رەشە خەڵکەکە.(١٢.اربیل.١٠/١/٢٠١٨)

بەتایبەت ئەم پەرستگای (عەشتار ئەربیللا)یە(١٢،اربیل،١٠/١/٢٠١٨). بەپەرستگای جەنگ وعەشق دەناسرێ، پاشاکان لەهەموو سەردەمێکداو لەگەڵ دەست پێکردن‌و ڕوودانی هەر جەنگێکدا سەردانی ئەم پەرستگایەیان دەکردو دیاری وقوربانیان پێشکەش دەکردو لێی دەپارانەوە کە سەریان بخات‌و لەکۆتایی هەموو شەڕێکیش بەهەمان شێوە دەهاتنەوە زیارەتی پەرستگای (عەشتار ئەربیللا)ی شاری هەولێر.

ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە بەردەوامی‌و دووبارە بوونەوەی ناوی (ئەربیللا)یە، هەر ئەو ناوە لەشەڕی ئەسکەندەری یۆنانی‌و داریۆسی ئێرانیش دا بە(جەنگی ئەربیللا)(١٩،علم الاثار..١/١١/٢٠١٧). دەناسرێ‌و دووبارە دەبێتەوە.

1-2 -سەنحاریب (705-682 پ..Sanareebj

سەنحاریب کوڕی پاشا سەرجۆنی دووەمە کەبە -پاشای چوارکەناران - ناسراو بوو (ناوەکەی بەئاشوری) (شەرۆکین واتە مەلیکی شەرعی یان پاشای رەوا، کەلە 721 تا 705ی پێش زایین حوکمی کرد(١٨،الناصر.١٠١/٢٠١٨).)

سەنحاریب پاش مردنی باوکی سەرجۆن دەچێتە سەر تەخت (هەروەك لەناوەکەی را دیارە کوڕە گەورەی باوکی نەبوو، بەڵام وەك جێگرەوەی باوکی بەحاکمی سەربازی ناوچەکە دیاری کرا، ناوچەکەی باکوور کەپڕ بوو لەئاشوب، هەڵوێست و ئازایەتی و پێداگری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەدادپەروەری بووە هۆی پشتگیری بۆ ئەم هەڵوێستە پاش کوژرانی باوکی لە 704ی پێش زایین(١٩،بلاد اشور.٢٠١٧/١٢/٥).

سەنحاریب هەر لەسەرەتای چوونە سەر تەختی تووشی شەڕی زۆر لایەن بوو (هەربۆیە سەرکردایەتی ئەو هێرشانەی کرد، ئەوانەی لەچیاکانی قەفقازەوە بەرەو رۆژئاوای لیدیا دەهاتن، هەروەها سەرکردایەتی ئەو هێرشانەی کرد بۆ چیاکانی زاگرۆس و تابال و کێلەکیە و دەستی بەسەر تەرتوس داگرت، بەمەش دەستی بەسەر رێگای بازرگانی دا گرت و میللەتە دۆستەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی خۆشی رێگاکانیان مەترسی نەما و بەمەش سنوورەکانی خۆی پاراست و رووی لەناوچە پڕ ئاژاوەکانی تر کرد)(١٩،بلاد اشور..٢٠١٧/١٢/٥).

2-2 -هەولێر و سەنحاریب (682-705) پ.ز

سەنحاریب گرنگییەکی زۆری بەشاری هەولێردا چۆن (قەڵای هەولێر یەکێ لەشارە گرنگەکانی حوکمی ئاشوریەکان بوو لەنێو سێ شاری- کالح، نەینەوا و ئەربل- هەولێر- لەتەواوی حوکمکردنی پاشاکانی ئاشور و هەولێر وەك پایتەخت بەکاردەهات، چونکە هەولێر بەردەوام پایتەختی ئایینی بووە، لەسەردەمی ئاشوریدا پاشا کاهینی ئایینی ئاشوری بوو، کاهینی مەزن و بێ رکابەر(٣٠،علم الاثار.٢٠١٧/١١/١).

3-2 -پرۆژەی ئاو هێنانی سەنحاریب بۆ شاری هەولێر:

سەنحاریب پاشای ئاشوری 705 تا 681 پ.ز حوکمی کردووە و لەماوەی خۆیدا کار و چالاکی زۆری هەیە، جگە لەشەڕ و سەرکەوتنەکانی پرۆژەی زۆری هەبووە، یەکێ لەپرۆژەکانی ئاو هێنانە بۆ شارەکانی نەینەوا و کەرکوك و هەولێر (یەکێك لەوانە پرۆژەی ئاوی سەنحاریب بوو کەشای ئاشووری سەنحاریب (681-705 پ.ز) دایمەزراند بۆ گەیاندنی ئاوی هەرسێ شار- نەینەوا- هەولێر- کەرکوك- پرۆژەی ئاوی هەولێر بەیەکێ لەپرۆژە گرینگەکان دادەندرێ کەبۆ گەیاندنی ئاو بۆ شار، پشتی بە (کارێز)(*7) بەستبوو)(4 ئینسیکلۆپیدیا ٢٠٠٩، ل723).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەو کێشەیەی ئاو لەسەردەمی سەنحاریب زۆر بەرچاو بووە و بووەتە کێشە بۆ شاری هەولێر وەك شارێکی ئاوەدان و پیرۆزی ئایینی و پایتەختێك هەربۆیە) سەنحاریب بۆ ئاوهێنان بیری لەکانی و رووبارەکانی خاکە چیاییەکە کردووتەوە، کەکەوتبوونە رۆژهەڵاتی وڵاتی ئاشوور و بیانکات بەبەنداوی بەردینی رێکخراو، وەك ئاو هێنانی رووباری کۆمە لە خانوو Hanusa کەچەند پەیکەرێکی نووسین لەگەڵە و نووسینی بزماری و دیمەنێکی دەستە خوداوەندێکی تێدایە، هەروەها پڕۆژەی سەر ئاوی بەستۆرەی باکووری رۆژهەڵاتی هەولێر، بۆ ئاو هێنان بۆ شاری هەولێر، کەئەوکاتە هەولێر یەکێ بوو لەشارە مەزنەکانی باکووری ئاشوور)(١٦،سوسە٢٠١٧/٤/٥).

ئەو پڕۆژە گەورەیەی ئاو هێنان بۆ هێشتا ماوەتەوە و شوێنەواری دیارە (هێشتا ئەو نووسینە شوێنەواریەی کەبەزمانی ئاشووری نووسراوە و پاشا سەنحاریب هێما بۆ ئەو کارە ئاودێریە دەکات، ئەوەی کەیەکێ لەکۆمپانیاکانی ئاوی ژێر زەوی کەرووماڵی ناوچەی هەولێری کردووە لەساڵی 1957ز باسی ژمارەی ئاو بەندەکان دەکات کەدەگاتە 365 بەنداو لەنێو ئەمانەشدا بەنداوی سەنحاریب)(١٤،اربیل.٢٠١٧/١١/١٧).

سەنحاریب وەك پاشایەکی گەورە و لەم پڕۆژە گەورەیەدا نووسینێکی گرنگی بۆ بەجێ هێشتووین و بەکورتی باسی کارەکەی خۆی دەکات و مێژوونووسان گرنگیەکی زۆریان پێداوە و وەرگێڕانی زۆر و لێکجیای بۆ کراوە، ئێستا چەند وەرگێڕانێك دەنووسینەوە بۆ ئەوەی دواجار لەمەبەستی دروستی سەنحاریب تێبگەین.

دکتۆر ئیبتیهال عادل تائی ئاوای وەرگێڕاوە (من سەنحاریب شای جیهانم شای ئاشوور (3) رووبارم لەچیای خانی هەڵکەند کەکەوتووتە بەرزاییەکانی شاری هەولێر و ئاوی کانیاوەکانم خستووتە سەر، کەکەوتوونەتە هەردوو لای راست و چەپی رووبارەکان پاشان کارێزێکم هەڵکەند کە تا ناوەڕاستی شاری هەولێر، نیشتمانی خوداوەندی گەورە ئەشتار درێژدە بۆوە) (4، ئینسیکلۆپیدیا،٢٠٠٩، ل 724).

هەروەها دکتۆر نائیل حەنون لەباسی پرۆژەی ئاوی سەنحاریب دا دەنووسێ): خانی Khani ئەوە ناوی ئەو چیایەیە کەسەنحاریب بەهۆی پرۆژەیەکی ئاودێری ئاوی بۆ هەولێر هێنا، ناوی ئەو چیایە بەهۆی دۆزینەوەی بەردە نووسراوی پرۆژەکە بوو15) (، ل238).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیسان بەردەوام دەبێت و دەنووسێ): نووسینەکەی سەنحاریب باسی کاری ئاو راکێشانەکە دەکات لەسێ رووبارەکەی چیای خانی، کەدەکەوێتە پێش) شاساگ(Sasag ی شاری هەولێر، کەئاوی ئەو سێ رووبارە لەرووباری بەستۆرە کۆکرایەوە)(15، السواح،٢٠١٨/١/١.)

هەروەها دکتۆر عەونی عەبدولڕەحمان سەبعاوی ئەو نووسینەی سەنحاریب ئاوا دەنووسێتەوە (ئەز سەنحارییم شای جیهانی ئاشوور، سێ رووبارم لەچیای خانی هەڵکەند لەسەرووی شاری هەولێر، نیشتمانی خاتوونی گەورە خواوەندی ئەشتار)(6،ئینسیکلۆپیدیا،٢٠٠٩، ل991).

تالیب مونعیم حەبیب لەماستەر نامەکەیدا ئەویش بەم شێوەیەی نووسیوە: (من پاشای مەزنم، لەچیاکای خانی سێ رووبارم هەڵکەند، ئەوەی دەکەوێتە سەرووی هەولێر و ئاوی کانیاوەکانم خستە سەری و دواتر خەندەقێکم هەڵکەند تا ناوەڕاستی شار درێژ بووەوە، شاری خاتوونی مەزن عەشتار و رێرەوەکەم راست هەڵنا)(17،احدى عجائب،٢٠١٨/١/٢).

لەهێنانەوەی چوار نموونەی وەرگێڕانی دەقەکەی پڕۆژەکەی سەنحاریب مەبەستمان ئەوەبوو بگەینە دەقێکی تەواو، بەداخەوە وەکو دیارە وەرگێڕانی دەقەکە زۆر ورد نین لەوەرگێڕانەکەدا، هەندێ جیاوازی هەیە، بەرای ئێمە پێویست نەبوو هەبێت، بۆ نموونە لەهەندێکیان ناوی- سەنحاریب- هاتووە و لەهەندێکیان وەك- پاشای مەزن- ناوی هاتووە، جگە لەوەش کەلەهەندێ وەرگێڕاندا ناوی- ئاربائیلۆ- لەجیاتی شاری- ئەربیل- هەولێر- خراوەتە نێو دەقەکە، کەبەرای ئێمە ئەم دەسکاریە هەندێجار دەچێتە خانەی مەبەست دارەوە ئەگەر لەدەقەکەدا ناوی- ئاربائیلۆ-ش هاتووە، بەڵام، مەبەست- ئەربیل- هەولێر- ە هەربۆیە زۆربەی پسپۆرانی شوێنەوار بەئەربیل وەریانگێڕاوە.

-1-3-بەشەکانی پرۆژەکە

پرۆژەی ئاوهێنانی سەنحاریب لەچەند بەشێك پێکهاتووە کەدەکرێ بەم جۆرە دەستنیشان بکرێن:

1 -هەڵکەندنی سێ رووبار لەچیاکانی خانی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2 -تێکەلکردن و هێنانی ئاوی کانیەکان لەگەڵ رووبارەکان.

3 -بەنداوی ئاوەکە کەدیواربەند و زەویەکەی بەردرێژ کردووە.

4 -کارێز یان لولەکێشی ئاوەکە لەبەنداوەکەوە تا ناو شار- قەڵا- رۆیشتووە.

5 -ئەو بیرەی کەلەنێو قەڵای- شاری- هەولێر کەدواجار ئاوەکەی تێدا کۆدەبووەوە.

ئەوەندەی پێویستە رووبار و کانیەکان باسکراون، بەڵام بەنداوەکە و- کارێز- لولەکیشی- یەکە پێویست دەکات باشتر بناسرێن.

3-2-بەنداوەکە :

وەك باسکرا لەخوارەوەی بەنداوەکە دیوارێکی پتەو بەبەردی خۆشکراو هەڵنراوە و (ئەم دیوارە شەش ریزە و بەبەردی حەلان رێك و جوان داتاشراو دروستکراوە و تێکڕای قەوارەی هەر بەردێکیش (62×43×80سم) دەبێت(6، ئینسیکلۆپیدیا،٢٠٠٩ل198) و دیوارەکەش بەهەردوو لای چەپ و راستی بەنداوەکە بەرەو سەروو هەڵکشاوە و شوێنەوارەکەی ئێستا هەست پێدەکرێت. هەروەها زەویەکەش وەختی خۆی بەتەواوی و بەجوانی بەردپۆش و بەردرێژ کراوە، ئەمەش بۆ ئەوە بووە ئاوەکە بەپاکی و خاوێنی بمێنێ و چونکە هەر لەوێوە لەدەمی کارێز و لولەکێشەکەوە بەرەو شار شۆڕبووەتەوە و ئەو ئاوەش بۆ خواردنەوە بەکارهاتووە.

رایەکی تریش هەیە، کە (نۆکەندەکە تا سەر بەگوێرەی سیستەمی کارێز هەڵکەندن دروست نەکراوە، بەڵکو لەدۆڵایی و شوێنە نزمەکاندا وەکو جۆگەلە ئاوێکی سەر زەوی بەزەویدا تێپەڕ بووە، بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەش شوێنەوارناسەکان لەچلەکانی ئەم سەدەیە- سەدەی بیستەم- لەخوارووی رۆژهەڵاتی گوندی بەحرکە کەکەوتووەتە نێوان هەولێر و قەلەمورتکە شوێنەواری جۆگەیەکی بەرینی دێرینیان دۆزیوەتەوە)(6،ئینسیکلۆپیدیا،٢٠٠٩، ل 199).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3-3 -لولەکێش:

رای دووەم ئەوەیە کەئاوەکە لەبەنداوەوە بەلولەکێشی گەیێندرابێتە ناو شار، زوبیر بیلال دەنووسێ: (ئەویش بەهۆی بۆڕی وەکو گۆزە لەقوڕی سورکراوە دروستکراوە بەقوتری 75 سم)(1 ،ئینسیکلۆپیدیا،٢٠٠٩ل12).

ئەم رایەی زوبێر بیلال ئەویش رێی تێدەچێ، چونکە چ (کارێز)(*11) و چ (لولەکێشی)(*12) و چ (گۆزەی لەقوڕ سورکراو) مێژووێکی زۆر کۆنتریان هەیە لەناوچەکە، هەربۆیە ئەم رایەش هەتا رادەیەك دەکرێ بەهەند هەڵبگیرێ.

ئێمەش لەشیکردنەوەی ئەم دوو رایە دەتوانین ئەم خاڵانە بخەینە بەرچاو:

1 -ئاو راکێشان بەشێوەی کارێز لەکوردستان مێژووێکی کۆنی هەیە، بەپێی بەرزی و نزمی خاکەکەی پێویست بووە کارێز کاری بکرێ، سەنحاریبیش ئەم کارێز کاریەی کردووە.

2 -لەسەرەتاوە ئاوەکە بەشێوەی کارێز لەبەستۆڕەوە گەیێندراوەتە ناو شاری هەولێر.

3 -وەك باسکراوە ئاوەکە بەمەبەستی ئاوی خواردنەوە بووە، ئەمەش وای پێویست کردووە، ئاوەکە بەدەرەوە نەبێت، کارێز و لولەکێشی بێ.

4 -دوور نییە بەشێوەی کارێز هاتنی ئاو بەبەردەوامی کێشەی بۆ دروست بووبێ، بەهۆی رووخانی زەویەکە، بەتایبەت لەزستان دا، چونکە زستانی کوردستان بارانی زۆر بووە و خاکەکەی خاوکردووەتەوە و لەژێرەوە داڕماوە و بەربەستی بۆ ئاوەکە دروست کردووە.

5 -ئەم بەردەوام نەبوونی هاتنی ئاوە دوور نییە هۆیەك بووبێت بۆ پەنا بردن بۆ لولەکێشی.

6 -ئەگەر تەواوی کارێزەکان لولەکێشی نەکرابن، دوور نییە لەو شوێنە ئاوەکە بەدەرەوە بووە. لولەکێشیان بەکارهێنابێ، بۆ ئەوەی ئاوەکە پیس نەبێت.

7 -ئەوەش بەدوور نابینم کەئاوی بەستۆڕە بەدوو جۆگا گەیێندرابێتە شاری هەولێر یەکیان بۆ خواردنەوە و- کارێز- و لولەکێشی- بووە، ئەوەی تر جۆگا بووە. ئەوەتا عەبدولخالیق

سەرسام لەزاری یەکێ لەگوندییەکانی بەحرکە دەگێڕێتەوە، کەناوی حاجی عەلی عومەر بووە، باسی دوو تونێلی لەنێو یەکدای کردووە و گوتوویەتی: (لەزەمانی مەلیکی کاتێ تونێلەکانیان پاك دەکردەوە هەستیان بەم دوو کونە کردبوو، تونێلەکە بەژنەك بڵند بووە و 110سم بەرین بووە، هەر چواردەوری تونێلەکەش بەرد بووە)(1، ئینسیکلۆپیدی،٢٠٠٩،ل11).

8 -دەکرێ ئاو هێنانەکە بەشێوەی تونێل بووبێت، واتە لەهەردوولا دیواری بەردی بۆ کرابێ، ئەوەتا پیاوە بەتەمەنەکەی بەحرکە باسی پاك کردنەوەی تونێلەکە دەکات، ئەگەر تونێلیش بووبێ ئەوە ئاوەکەی بەرێژەیەکی زۆر بووە.

9 -لەنێو خەڵك و ئەفسانە کوردیەکەدا کەبەناوی (جۆگەی عاشقان) مەبەست جۆگەی ئاو هێنانەکە سەنحاریبە بۆ هەولێر. لەوەی کەناوەکە بە (جۆگە) هاتووە دەکرێ لەو دوانە یەکێکیان بەشێوەی جۆگا بووبێت.

10 -بەڵام، بەرای (زوبێر بیلال) ئەم ئاو هێنانەی سەنحاریب پرۆژەی کارێز نییە لەبناغەدا، دەنووسێ (بەڵام، پرۆژەی سەنحاریب جیایە لەکارێزەکان، ئاوەکەی لەچیاکان هاتووە، کەچی ئاوی کارێز ئاوی کۆمەڵە بیرێکی لەدوو یەك هەڵکەندراوە)(٨،زبیربلال١٩٧٠، ل 11) ئەمەش راستیەکە سەنحاریب خۆی باسی دەکات، سەرچاوەی ئاوەکەی رووبار و کانیە، بەڵام، کارێز راکێشانی ئاوی ژێر زەوییە بەلێدانی لەغمی درێژ.

1-4 --ئەفسانەی (جۆگەی عاشقان)

ئەفسانەی (جۆگەی عاشقان) لەدوو سەرچاوە دەستکەوتووە، یەکیان لەکتێبی (جۆگەی عاشقان)ی عەبدولخالق سەرسام و ئەویتر لەکتێبی (تێرنەخۆرە)(2،حەسەن،٢٠٠٧، ل 273) هێندە هەیە ئەوەی کتێبی جۆگەی عاشقان عەبدولخالق سەرسام هەر ئەوەندەی وەرگرتووە لەچیرۆکە ئەفسانەییەکە کەپێویستی پێ بووە، بەڵام ئەوەی ناو کتێبی (تێر نەخۆرە) بەتەواوی وەك ئەفسانەیەك نووسراوەتەوە، هەردوو سەرچاوە دواجار لەیەك کەس وەرگیراون، ئەوەی عەبدولخالق سەرسام لە (حاجی عەلی عومەر) وەرگیراوە، ئەوەی تێر نەخۆرە لە (عەلی عومەر حەمەد) وەرگیراوە، ئەوە هەیە لەیەکەمدا (حاجی

دراوەتە پاڵ و لەدوەمدا ناوی باپیری (حەمەد) زیاد کراوە و ئەو بەڕێزەش خەڵکی (بەحرکە)یە و لەتێرنەخۆرە نووسراوە تەمەنی (70) ساڵە.

ئەوە دیارە ئەم باسکردنەوە و گێڕانەوەیە نزیکەی دوو ساڵی بەینە، هەر لەبەر ئەمە هەردوو گێڕانەوەکە دەقا و دەق وەك یەك نین و دواتر هێما بۆ جیاوازیەکان دەکەین.

ئێستا لەهەردوو سەرچاوەی (جۆگەی عاشقان) بەشە مێژوویی و راستیەکە و بەشە ئەفسانەییەکەیان لێکدەکەینەوە، سەرەتا بەشە مێژووییەکەی هەردوو سەرچاوە دەکەین بەخاڵ و لەدوویەك رێزیان دەکەین.

4-2-جۆگەی عاشقانWater leg :

لەم سەرچاوەیە عەبدولخالق سەرسام باسی ئەوە دەکات (کەبەدوو جۆر بیستم)(1،سەرسام،٢٠٠٧ ل9) لەدەمی خەڵکی گوندی قەلەمورتك بەم جۆرە بوو:

1 -دەگێڕنەوە دەڵێن: (دوو پاڵەوان بەم کارە هەڵساون ئەوەی ئاوەکەی گەیاندووەتە هەولێر- پاشا کچەکەی خۆی داوەتێ-) (1 ، ئینسیکلۆپیدیا،٢٠٠٩ل9) بۆیێ پێیان گوتووە (جۆگەی عاشقان).

-دوو پاڵەوان- دوو شارەزا- بەم کارە هەڵساون.

2 -عەبدولخالق سەرسام دەڵێ: (لەبەحرکە چیرۆکەکەم بەم جۆرە گوێ لێ بوو (1،ئینسیکلۆپیدیا،٢٠٠٩ل99).

-زووتر ئاو بگەینێتە هەولێر.

-هەردوو دەست بەکار بوون.

-ئاوەکە دەگەینێتە هەولێر.

بەشە ئەفسانەییەکەی هەردوو سەرچاوە

-لەگێڕانەوەی یەکەمی جۆگەی عاشقان

1 -پاڵەوان.. ئاوی گەیاندە هەولێر پاشا کچەکەی خۆی داوەتێ.

-لەگێڕانەوەی دووەمی جۆگەی عاشقان

1 -باوکی کیژە کافرۆشی کەناودار بوو بەجوانی.

2 -ئەفسانەکە هەردوو پاڵەوانی کردووە بەموسڵمان و مەسیحی لەکاتێکدا ئەم دوو ئایینە لەو سەردەمە هێشتا دەر نەکەوتبوون.

3 -داینابوو کیژەکەی بداتە ئەو پاڵەوانەی کەزووتر ئاو بگەینێتە هەولێر.

4 -هەردوو پاڵەوان دەست بەکار بوون.

5 -یەکێکیان لەوان فێڵباز دەبێ قوماشی بەبریقە لەدەوری قەڵات وەردەدا وەك بریقەی ئاو- بریقە- بداتەوە.

6 -دەڵێ ئاوم گەیاندە قەڵات باوکی کیژەی کافرۆشی کیژەکەی لەپاڵەوان مارە دەکات.

7 -کاتێ پاڵەوانی حەقیقی کە دەبینێ پاڵەوانەکەی دیکە واتە مەسیحیەکە ئاوەکە دەگەینێتە هەولێر کولینگەکەی داوێتە ئاسمان و بەسەری دەکەوێ و دەمرێ.

8 -بۆیێ ناوی جۆگەکە (جۆگەی عاشقان)ە.- تێر نەخۆرە

لێرە دەقەکە بەتەواوی بەئەفسانە کراوی گێردراوەتەوە، بەشە واقیعیەکەی زۆر کەمە.

3-4 --بەشە مێژووییەکە.

1 -لەزمانی پاشا (سەنحاریب) ئەو پاشایە خەڵکی هەولێر بوو.

2 -ئەوەی ئاوم لەزیی بادینان بۆ بگەینێتە هەولێر.

3 -لە (قولیلان)هوە لەنزیك بەستۆرە ئاوی بەژێر زەویدا هێنا گەیاندیە نزیك هەولێر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4 -بەڵام، ئەوەی تریان لەزێی بادینانەوە دەستی پێکرد.

5 -تا ئێستا شوێنەواری ئەم ڕووداوە ماوە لەئاقاری بەحرکەیە.

-بەشە ئەفسانەییەکەی.

1 -ئەو پاشایە کچێکی جوانی هەبوو، شەرتێکی کرد کەئەوەی ئاوم لەزێی بادینان بگەینێتە هەولێر ئەوا کچەکەی خۆمی پێشکەش دەکەم.

2 -ئینجا دوو پاڵەوان هاتن یەکیان موسڵمان بوو ئەوەی تریان مەسیحی بوو.

3 -موسڵمانەکە لەقولیلان لەنزيك بەستۆڕە ئاوی گەیاندە هەولێر.

4 -پیاوە مەسیحیەکە هەستا بەئەنجام دانی فێڵێك.

5 -پیاوە مەسیحیەکە هەندێ پارچە قوماشی تولی هێنا هەر لەزێی بادینانەوی رایخست تا بەدەوری قەڵای سوڕاندەوە.

6 -ئینجا هەندەك پارە و زێڕی دا بەپیاوەکەی نێوانیان تا بچێت بەپیاوە موسڵمانەکە بڵێ کەپیاوە مەسیحیەکە ئاوی گەیاندوتە قەڵا.

7 -ئینجا پیاوە موسڵمانەکە ئەمەی بیست هاتە دەرەوە تەماشای کرد کەوا تولەکە سپی دەچۆوە وایزانی ئاوەکەیە.

8 -یەکسەر قەزمەکەی کەجۆگەی پێ هەڵدەکەند لەسەری خۆیدا و خۆی کوشت.

1-5 -بەئەفسانەکردنی شوێنە شوێنەواری و مێژووییەکەی پرۆژەی سەنحاریب

ئەم پرۆژەیە تەواو پرۆژەیەکی واقیعی شوێنەواری مێژووییە و ئێستاش شوێنەکەی زۆر بەچاکی بەرچاوە، بەڵام ئەفسانە ساز بۆ ئەوەی بیکات بەئەفسانە هاتووە بەشێوازی ئەفسانە گۆڕانکاریەکی زۆری تێکردووە، لەوەشدا پشتی بەم خاڵە ئەفسانەییانە بەستووە.

1 -گۆڕینی کەسایەتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

-گۆڕینی وەستا و ئەندازیار و شارەزا بە- پاڵەوان-

-گۆڕینی ئایینی وەستا و ئەندازیار و شارەزاکە بەموسڵمان و مەسیحی.

-گۆڕینی شارەزا و ئەندازیار و وەستا و کرێکار و کارکردنیان بە- عاشق-

-گۆڕینی کرێ و دەستحەقی وەستا و شارەزاکان بەپێدانی- کچە جوانەکەی- پێیان.

-گۆڕینی کارێکی ئاسایی بەمەرجی- پاڵەوانانە و عاشقانە.

-هێنانە ناوەوەی کچی پاشا- سەنحاریب- و کردنی بەکچی کافرۆش- وەك لەدەقی جۆگەی عاشقان دا هاتووە.

-دروستکردنی ململانێی دوو پاڵەوانی عاشق لەسەر زووتر تەواو کردن و گەیاندنی ئاو بەهەولێر.

-زیادکردنی کەسایەتی- ئەو پیاوەی لەنێوان دوو پاڵەوانە عاشق و مەسیحی و موسڵمانەکەدا دەهات و دەچوو.

-هێنانی پرۆژەکە لەزەمەنی پێش هاتنی ئایینی مەسیحی و موسڵمانەتی بۆ سەردەمی بوونی هەردوو ئایین لەشاری هەولێر.

-زیادکردنی- فێڵ- کەمەسیحیەکە لەموسڵمانەکەی دەکات.

-هێنانی- قوماشی بەبریق و باق- تول- و بەکارهێنانی وەك گەیشتنی ئاو بۆ هەولێر.

-خۆکوشتنی- پاڵەوانە موسڵمانەکە- بەکولینگ- قەزمە بەشێوەی فەرهادی بێستوون.

-کۆتایی هێنانی پرۆژەکە بەشێوەی کارەساتی تراجیدیای و خۆکوشتنی عاشقەکە.

-ناولێنانی پرۆژەکە بە- جۆگەی عاشقان-

1-5-شیکردنەوەی ئەفسانەی جۆگەی عاشقان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەفسانە ساز هەوڵدەدات خۆی چۆنی پێ باشە و پێ جوانە و پێ گرنگە چیرۆکەکە ئاوا داڕێژێ، بۆ کارە مێژووییەکان کار لەسەر (کەسایەتی) و (ڕووداو) و (شوێن)و (زەمەن) دەکات.

ئەگەر بەوردی تەماشا بکەین کەسایەتی (سەنحاریب) وەك پاشایەك و ڕووداوی (پڕۆژەی ئاوی هەولێر) و شوێنی کارەکە لە (بەستۆڕەوە تا ناو شاری هەولێر) و زەمەنی دەسەڵاتی سەنحاریب (681 پ.ز)هوە تا دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی (مەسیحی) و ئایینی (ئیسلامەتی) لەهەولێر تێکەڵ کردووە. لەگەڵ زۆر وردەکاری تری ئەفسانەیی.

لەئەفسانەی کوردیدا بۆ کردنی کارێکی ئەستەم و بەدەستهێنانی مەرجەکان هەمیشە عاشق و ژنخواز و پاڵەوان تێکەڵکراون و لەیەك کەسایەتیدا بەرجەستە کراون، سەیرکە ئەوەی خاوەنی پڕۆژەکەیە، سەنحاریبی پاشایە، ئەوەی پڕۆژەکەی جێبەجێ کردووە، زانا و ئەندازیار و وەستا و کرێکارن، ئەمانەش لەبەرامبەر کردنی ئەم کارە دەبێ دەستهەقی خۆیان هەبووبێ، هەتا ئەگەر لەبەر دەستی پاشای زاڵم بەنان زگیش کاریان کردبێ، کەچی لێرە لەئەفسانەکەدا پاشا کچە جوانەکەی خۆی دەکات بەدەستهەق، کەلەدەقی جۆگە ئاشقان کچەکە بە (کچی کافرۆش)(*15) ناودەبات، لەکاتێکدا کچی کافرۆش و چیرۆکەکەی بۆ سەت ساڵی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کەئەفسانە بەردەوام دەگێردرێتەوە و گۆڕانی تێدا دەکرێ و لەگەڵ هێما سەردەمیەکان تێکەڵ دەکرێ.

لەوەش کەپاشا کچی خۆی دەکات بەمەرجی کارکردن، ئەمە لەئەفسانەدا بەردەوام دووبارە دەبێتەوە، کەمن ڕییەکی ئەم ڕەوشتە لەژن و ژنخوازی بەرژەوەندکارانە و ژنخوازی سیاسیانە دادەبینم، کەلەهەموو سەردەمەکان- پاشاکان بەهۆی ژنەوە- کچ- و- خوشك- ی خۆیان هەندێجار وەك مەرجی ئاشتی و هەندێجار بۆ خۆ دوورگرتن لەشەڕی نابەرابەر کچ و خوشکی خۆیان بۆ دوژمنی سەرە خۆرەیان ناردووە، هەندێجاریش بۆ لێك نزیك بوونەوە و پڕوا پێکردن، ناودارترین هاوسەرگیری سیاسی، ئەوەیە کەلەنێوان (کەیخوسرەو) پاشای میدیەکان و (نابوبلاسەر)ی پاشای بابل پێکهات. (ئەم دوو پاشایە ڕێککەوتن پێکەوە شەڕی ئاشوریەکان بکەن، هێرشەکە لەڕۆژی سێ شەممەی 21/ ئازاری ساڵی 612 پ.ز. دەستی پێکرد بۆ سەر بابل، ئەم پەیمانە بەوە بەهێزکرا، ئەمیتس کچی کەیخوسرەو شوی بەپاشا ئەبو خوزنە سەر کوری نابۆلاسار کرد)(١٦،سوسە٢٠١٧/٤/١٥) کەلەئەنجامی ئەم ژن و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ژنخوازیە سیاسییە و بەرژەوەندکاریە (باخچەکانی بابل) هاتە دروستکردن و بۆ خۆی بوو بەئەفسانەیەك.

ئەم بەکارهێنانەی ژن، کچ و خوشك بۆ ئاشتی نێوان پاشا ناکۆك و ناتەباکان ڕێگای بۆ ئەفسانەساز خۆشکردووە کەپاشا بۆ کاری ئەستەم و مەرجی گران کچی خۆی بدات بەپاداش. دیارە کارە ئەستەمەکان و مەرجە گرانەکان پیاوی ئازا و ئاقڵی ویستووە، ئەمانەش لەهەر کەسێك دا کۆببنەوە دەیکەن بەپاڵەوان. دیارە بۆ عاشق بوونی ئەم جۆرە پاڵەوانانەش بەکچی پاشا هۆی خۆی هەیە، هەمیشە لەبەدەستهێنانی کچی پاشادا- پاڵەوان- عاشق- زاوا- دەسەڵات و مالأ و جوانی بەدەست دێنێ، ئەمانەش بۆ خۆیان هۆی ئەوەن لەزۆر کات دا ببن بەدروستبوونی عەشق لەنێوان کچە پاشا و پاڵەوانی ئەستەمکار و مەرج شکێن و لەم پێناوەشدا ئەوپەڕی توانا جەستەیی و عەقڵی خۆی بەکارهێناوە.

ئەوەی لێرە بەرچاوە لەئەفسانەکەدا دوو پاڵەوان هێنراونەتە سەر شانۆی کار، هەریەکەی سەر بەئاینێکی جیایە، ئەویش موسڵمان و مەسیحین. بۆ بەدرامی کردنی ئەفسانەکە ململانێیەکی توند هێنراوەتە نێوانیان و لەو ململانێیەدا یەکێکیان پەنا بۆ فێڵێك دەبات کەبەشێوەی چاو هەڵخەڵەتێن. لەپاڵەوانە موسڵمانەکە دەباتەوە، دیارە مەرجی پاشا ئەوەیە کێ زووتر ئاو بگەیێنێتە هەولێر کچەکەی خۆی بەو دەدات.

پاڵەوانی موسڵمان نزیك دەکەوێتەوە لەوەی کارەکەی تەواو بکات،- موسڵمانەکە لەقولیلانەوە لەنزیك بەستۆرە ئاوی بەژێر زەویدا هێنا گەیاندیە نزیك هەولێر- پاڵەوانە مەسیحیەکە کەئەوەی زانی- هەندێ پارچە قوماشی تولی هێنا هەر لەزێی بادینانەوە رایخست تا بەدەوری قەڵای سوڕاندەوە- ئینجا هەندێك پارە و زێڕی دا بەپیاوەکەی نێوانیان تا بچێت بەپیاوە موسڵمانەکە رابگەینێ کەپیاوە مەسیحیەکە ئاوی گەیاندۆتە قەڵا- کەپیاوە موسڵمانەکە ئەمەی بیست هاتە دەرەوە و تەماشای کرد کەوا تولەکە سپی دەچۆوە و وایزانی کەئاوە- بۆیە یەکسەر قازمەکەی کەجۆگەی پێ هەڵدەکەند لەسەری خۆیدا و خۆی کوشت.-

لەدروستکردنی دوو پاڵەوان لەنێو ئەفسانەدا، ئەفسانەساز کارەکتەری ململانێی دروست کردووە، لەدوو کەسایەتی جیا، بەوەی کەلەدوو ئایینی جیان و دوو کەسایەتی جیاشن،

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوەتا موسڵمانەکە پشت بەتوانای خۆی دەبەستێ و ئاو لەقولیلانەوە بەژێر زەوی دەگەیێنێتە نزیك شاری هەولێر. بەڵام پاڵەوانی دووەم واتە مەسیحیەکە ناتوانێ کارەکەی تەواو بکات و ئەوەشی پێ قبوڵ ناکرێ کەپاڵەوانەکەی تر. موسڵمانەکە سەربکەوێ و کچە بۆ ئەو بێت، هەربۆیە پەنا بۆ فێڵێك دەبات و لەئەنجام دا فێڵەکەی سەردەگرێ و پاڵەوانی موسڵمان خۆی دەکوژێ.

لەخۆکوشتنەکەی پاڵەوانی موسڵمان، خۆکوشتنی (فەرهاد)ی بیستونمان دێنێتەوە یاد، چۆن ئەویش بەکورینگەکەی خۆی دەکوژێت، ئەمەش خواستنەوەی دیمەنێکە لەئەفسانە و داستانێکی تر بۆ ئەم ئەفسانەیە، هەربۆیە چیرۆکە ئەفسانەییەکە بەکارەساتێکی تراجیدیا ئامێز کۆتایی دێت و ئەمەش هێڵە درامیەکەی چیرۆکە ئەفسانەییەکە بەهێزتر دەکات.

خۆکوشتنی پاڵەوانی موسڵمان- بەپێی ئەفسانەکە- ئەمە دەردەخات کەئەو:

یەکەم: لەکار کردندا پشتی بەهێزی کارکردنی راستەقینەی خۆی بەستووە.

دووەم: کەسێکی عاشقی راستەقینە بووە، کەوایزانیوە پاڵەوانەکەی تر ئاوی گەیاندۆتە قەڵا و- کچی پاشا بۆ ئەو دەبێت، خۆی بۆ نەگیراوە و فەرهادانە خۆی کوشتووە.

سێیەم: کەسێکی پاك و عاشقێکی راست بووە، لەبێ هیوا بووندا پەنای بۆ کوشتنی بەرامبەر نەبردووە- خۆی- کوشتووە.

بەڵام، پاڵەوانەکەی یەکەم واتە مەسیحیەکە وەك ئەفسانەکە باسی دەکات:

یەکەم: کەسێکی لێهاتوو نەبووە و عاشقێکی پاکیش نەبووە.

دووەم: پەنای بۆ فێڵ بردووە و لەئەنجامی ئەم فێڵەدا خۆکوشتنی پاڵەوانی یەکەم-موسڵمان-هکەی لێکەوتووتەوە.

لەدروستکردنی ئەم دوو کارەکتەرە (مەسیحی و موسڵمان)هدا بۆمان دەردەکەوێ (ئەفسانەساز) کەسێکی موسڵمان بووە، چونکە هەرچی پاڵەوانەتی و پاکی و عاشقی راستەقینە هەیە داویەتە پاڵ پاڵەوانی موسڵمان.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەبەرامبەردا هەرچی لێنەهاتوویی و فێڵبازی و تاوانباریش هەیە داویەتە پاڵ پاڵەوانە مەسیحیەكە.

لەكاتێكدا لەم دەقە ئەفسانەییەدا لەیەك شوێن و سەردەمدا دوو پاڵەوانی- موسڵمان و مەسیحی- كۆكراوەتەوە، مێژووی دروستكردنی پڕۆژەی ئاوی هەولێر لەلایەن سەنحاریب لەساڵی 681 پ.ز هوە بووە، واتە پێش هاتنی مەسیحیەت و موسڵمانەتی بۆ هەولێر، لەرووێكی ترەوە كەسی ئەفسانەساز خەڵكی دەوروبەری بەحركەی موسڵمانان و عەنكاوەی مەسیحی نشین بووە، كەئەم ناوچەیەی هەولێر تێكەڵەیەكە لەهەڵگری كەسانی سەر بەهەردوو ئایین.

خاڵێكی تری ئەفسانەكە، نیشاندانی- قوماشی بەبریقە- و تولە- وەك جۆگە ئاو، هەروەها درێژی ئەو تولەیە لەزێی بادینانەوە تا دەوری قەڵا، لەمەشدا دیسان چەند شتێك گۆزراوەتەوە زەمەنی دروستكردنی پڕۆژەكە، كەدواتر زۆر درەنگ پەیدابوونە، قوماشی بەبریقە- و- تول- كەبەرهەمی كارگەی قوماشە و ئەو جۆرە كارگانەش هەر سەت ساڵێك دەبێ پەیدا بوونە، چۆن قوماشێك بەدرێژی نێوان زێی بادینان و قەڵای هەولێر هەتا ئەگەر بەپارچەش لێكبدرێن هەر كارێكە ناكرێ لەسەردەمی سەنحاریب دەستكەوتبێ.

پاش ئەم شیكردنەوەیە، بۆ ئەفسانەی (جۆگەی عاشقان) بۆمان روون دەبێتەوە كەئەفسانە هەمیشە لەسەر بنەمای (رووداوی مێژوویی) و (كەسایەتی ناودار) و (زەمەنی مێژوویی) و (شوێنی بەرچاو) ئەفسانەكەی خۆی دادەمەزرێنێ و بۆ گونجاندن لەگەڵ بیرۆكە ئەفسانەییەكە شان و باڵێكی زۆر بۆ واقیعیەكان دروست دەكات و تەواوی رووداوەكە ئەفسانە پۆش دەكات.

پاش ئەوەی دەقی ئەفسانەی جۆگەی عاشقان- مان شیكردەوە و ئەفسانە و بەئەفسانەكراومان باسكرد، ئێستا باسی ئەو خاڵە واقیعیانە دەكەین كەشوێنەوار و مێژوو بۆیان بەجێهێشتووین.

2-5-خاڵە مێژوویی و شوێنەواریەكانی ناو دەقی ئەفسانەی جۆگەی عاشقان

-لەزەمانی پاشا (سەنحاریب)دا، ئەو پاشایە پاشای شاری هەولێر بوو.(16*)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

-دوو پاڵەوان= وەستا و ئەندازیار و زانا... هەریەکەیان لەلایەکەوە دەستی بەکارەکە کرد.

- موسڵمانەکە= بەیەکێ لەئەندازیار و وەستاکان (لەقولیلان) لەنزیك بەستۆڕە ئاوی بەژێر زەویدا هێنا گەیاندیە نزیك هەولێر.

-بەڵام، ئەوەی تریان لەزێی بادینانەوە دەستی پێکرد.

لێرە جگە لەپڕۆژەکە خۆی وەك شوێنەوار و نووسینەکەی سەنحاریب، مێژوو باسی وەستا و ئەندازیار و زانا و کارەکەرەکانمان بۆ ناکات و وردەکاری کارەکە دیار نییە.

بەڵام بەهۆی ئەفسانەکەوە بۆمان روون دەبێتەوە، کەسەنحاریب لەدوو لاوە ئاوی هێناوەتە هەولێر، ئەوەی بەستۆڕە بەژێر زەویدا هێناویەتی و گەیاندراوەتە ناو قەڵا و بۆ خواردنەوە بووە، واتە چ کۆکردنەوەی ئاوی رووبار و کانیەکان و چ هەڵکەندنی لەغم و کارێزەکان تا ناو قەڵا بۆ ئەوە بووە ئاوی پاك بگەیننە ناو شار.

ئەوەی تر بۆ مەبەستی تر بووە و لەزێی بادینانەوە هێنراوە، بۆ پشتگیری ئەم رایەش لەم دواییەدا (خەندەقێك لەرۆژئاوای شاری هەولێر دۆزرایەوە کەزەمەنەکەی بۆ سەردەمی ئاشوری دەگەڕایەوە و درێژییەکەی شەش سەت مەتر بوو).(17*)

ئەمەش وا پێ دەچێ بۆ ئاوی دەوری قەڵا بێت، چونکە لەکۆندا و قەڵاکان جگە لەشوورە و خەندەق بەئاویش دەورە دەدران (هەڵکەندنی خەندەق لەدەوری شار و قەڵاکان هۆیەکی بەرگری کردن بوو، لەکاتی شەڕدا ئەم خەندەقە پڕ ئاو دەکرا، وەك شاری ئامەد کەخەندەقێکی پڕ ئاو دەورەی دابوو، هەندێکی تریان قولأ بوون وەك شاری هەولێر کەبەناوبانگە بەخەندەقە قوڵەکەی دەورەی شار)(12 ،اربیل ..٢٠١٨/١/١٠).

ئەمە راستیەکی مێژوویی شوێنەواریە کەلەدەورەی قەڵای هەولێردا هەبووە و هەر ئەم واقیعە چووەتە نێو دیوار بەندی ئاشووریەکان (لەدیوار بەندێکی ئاشوورییەکاندا دیمەنی قەڵای ئاربائیلۆ کێشراوە کەرووبارێك لەدەوری قەڵا هەیە)(8،زبیربلال،١٩١٧٠).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم خەندەقەی دەورەی قەڵای شاری هەولێر ئەگەرچی لەو شوێنەوار و مێژوودا باسکراوە، ئەوەتە ئەفسانەش دووبارەی دەکاتەوە، لێرەیە گرنگی ئەفسانە بۆ شوێنەوار و مێژوو دەردەکەوێ.

شتێکی تری گرنگ ئەوەیە پرۆژەی ئاوی سەنحاریب لەم ئەفسانەیەدا ناوێکی تایبەت و ئەفسانەیی لێنراوە، ئەویش ناوی (جۆگەی عاشقان)ە، کەئەمەش گۆڕانکاریەکی ترە کەئەفسانەساز لە(پرۆژەکەی سەنحاریب)ی کردووە، ئێمە لەبەڵگەکان شتێکمان دەست نەکەوت کەجگە لە (ئاوی سەنحاریب) ناوێکی تری لێنرابێ، کەچی ئەفسانەکە ناوی (جۆگەی عاشقان) بۆ کارەکە دادەنێ و ئەمەش بۆ ململانێی ئەم دوو پاڵەوانە عاشقە دەگەڕێتەوە کەئەفسانەساز گۆڕیویەتی، چۆن بەپێی واقیعی کارەکە دەبێ ئەو ئاو راکێشان و خەندەق هەڵکەندنە شارەزا و ئەندازیار و وەستا و کرێکار کاریان تێدا کردبێ.

لێرە لەم ناولێنانە ئەفسانەساز چەند گۆڕانکاریەکی کردووە.

یەکەم: (ئەندازیار و وەستا و کرێکار) کراون بەپاڵەوان.

دووەم: ئەو کاسبکارانە لەرێی بەکارهێنانی زانایی و توانایەی کەهەیانبووە، نانی خۆیان و مالأ و منداڵیان پەیدا کردووە، کەچی ئەفسانەکە کردوونی بەعاشق و لەپێناو کچی سەنحاریب کاری پێکردوون.

ئەنجام:

لەکۆتایی ئەم لێکۆڵینەوە بەراوردکاری شیکارییە لەنێوان ئەفسانەی (جۆگەی عاشقان) و (پرۆژەی ئاوی سەنحاریب) لێکۆڵەر گەیشتە ئەم ئەنجامانە.

1 -ئەفسانە گۆڕانکارییەکی زۆری لەکەسایەتی شارەزا و وەستای کارکەری پرۆژەکەدا کردووە و کردوونی بە (پاڵەوان) و (عاشق).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2 -ئەفسانەکە زەمەنگۆڕییەکی گەورەی لەزەمەن و سەردەمی پرۆژەکەدا کردووە، بەوەی زەمەنەکەی هێناوەتە دوای سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی (مەسیحیەت) و (ئیسلام) لەکوردستان و هەولێر.

3 -ئاینگۆڕی بۆ شارەزا و پسپۆرانی جێ بەجێ کردنی پرۆژەی ئاو هێنانەکە کردووە، ئایینی دوو پاڵەوانەکەی لەئایینی ئاشورییەکانی سەدەی حەوتەمی پێش زاینەوە کردووە بەمەسیحی و ئیسلام.

4 -مەرجی تەواوکردنی پرۆژەکەی کردووە بەبەخشینی کچی پاشا سەنحاریب بەپاڵەوانی سەرکەوتوو.

5 -کۆتایی ژیانی یەکێ لەپاڵەوانەکانی بەشێوەیەکی تراجیدی فەرهادانە هێناوە و خۆی کوشتووە.

6 -ئەفسانەکە زۆر بەروونی باسی ئاو هێنان دەکات لەدوو لاوە، بۆ شاری هەولێر، لەبەستۆڕە و قولیلان و زێی بادینان، کەئەم دوو جۆر ئاوهێنانە لەباسی پرۆژەکەدا بەم شێوەیە روون نییە.

7 -ئەفسانەکە ئەگەرچی باسی پرۆژەیەکی کۆن دەکات، بەڵام،مۆرکی ئەم دووسەت ساڵەی ئەم دواییەی پێوە دیارە.

چەند پێشنیارێك بۆ پسپۆرانی شوێنەوارناسی

1 -بەهۆی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لەنێوان ئەفسانە و شوێنەوار ئەمە دووپات دەبێتەوە و دەردەکەوێ پەیوەندییەکی زۆر لەنێوانیان دا هەیە، بۆیە پێویست دەکات وەختی شوێنەوار ناسان دەیانەوێ هەڵکۆڵین لەهەر شوێنێکی شوێنەواریدا بکەن، ئاواش ئەفسانە و فۆلکلۆری تایبەت بەم شوێنە کۆبکەنەوە.

2 -کۆکردنەوەی ئەفسانە و فۆلکلۆری تایبەت بەشوێنە شوێنەوارییەکان یارمەتیدەرێکی باشن بۆ باشتر تێگەیشتنی هێما و نهێنییەکانی ئەو شوێنە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3 -کۆکردنەوەی ئەفسانە و فۆلکلۆری تایبەت بەشوێنە شوێنەواریەکان ئەرشیفی شارستانیەتی وڵاتەکەمان دەوڵەمەندتر دەکات و پەرە بەزمانی هاوبەش دەدات.

4 -بەپێویستی دەزانین بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە هاوکاری و پەیوەندی لەنێوان پسپۆرانی فۆلکلۆر و ئەفسانەی کوردی و شوێنەوارناسەکاندا هەبێت.

سەرنج وپەراوێز :-

(1*)مەبەست لەئەقڵ و دەست ئەوەیە کەکارەکانی مرۆڤ بەرهەمی جۆری بەکارهێنانی ئەقڵ و دەستە، لەبەکارهێنانی ئەقڵدا ئەوە بەرهەمانە دەردەکەون کەلەنێو زماندا دەمێنێتەوە، بۆ نموونە: فەلسەفە، ئەدەب، فۆلکلۆر. لەبەکارهێنانی دەستیش دەستکارەکان دەمێننەوە، دیارە دەستیش بێ ئەقڵ بەکار نایەت و بەرهەمی نابێ.

(2*)گلگامش پاڵەوانی داستانی گەڕان بەدوای نەمرییە، پاشایەکی سۆمەری بوو نزیك بەدوو هەزار و پێنج سەت ساڵ پێش زایین. جگە لەداستانە نووسراوەکەی، پەیکەری جۆراوجۆریشی لێ بەجێ ماوە.

(3*) کارێز ناوێکی کوردیە و لە (کاڕێژ)ەوە هاتووە، ئەمەش لەکاتی دروستکردنی کارێز و لێدانی خەندەقەکە کەدرێژ دەبۆوە، بۆ ناسینەوەی ئاوی سەرچاوەکە کایان دەکردە ناو ئاوەکە بۆ ئەوەی بزانن دێتەوە ناو خەندەقەکە و ئاوەکەی لەخەندەق دێتە دەرەوە، ئاوی بیرەکەی ژێر زەویەکە بناسنەوە.

(4*) کچی کافرۆش وەك هەندێك لەلێکۆڵینەوەکان باس دەکەن، چیرۆکەکەی بۆ (20 و 30)یەکانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە، بەڵام سروشتی ئەفسانە وایە، زەمەنکان تێکهەڵدەشێلێ.

5*)) لەم دواییەدا بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر هەواڵی ئەم دۆزینەوەیەی بڵاو کردەوە، بەداخەوە من لەکۆمپیوتەر هەڵمگرتبوو، کەچی نەمدۆزیەوە و دەستیشم نەکەوتەوە بەڵام، زانیارییەکە ئەوەبووکە نووسیومانە.

سەرچاوە:

کتێبی کوردی:

1 -عەبدولخالق سەرسام، جۆگەی عاشقان دۆزینەوەی نهێنییەکانی پڕۆژەی ئاوی سەنحاریب کەدەگەڕێتەوە بۆ (2700) ساڵ بەر لەئێستا و- هەولێك بۆ نۆژەنكردنەوەی. هەولێر- 2007ز.

2 -مەولود ئیبراهیم حەسەن، تێرنەخۆرە، بەرگی یەکەم، بەشی سێیەم، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، هەولێر 2008ز.

3 -مەولود ئیبراهیم حەسەن، قەدەغە شکێنی، چاپ و ئۆفێستی دەزگای سەردەم، سلێمانی، 2000ز.

4 -مەولود ئیبراهیم حەسەن، نەورۆزی کورد.. لەئەفسانەوە بۆ بەجیهانی بوون، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی (بەدرخان)، هەولێر 2012.

5 -ئینسکلۆپیدیای هەولێر- بەرگی.(1)

1 -مەغدید حاجی، پڕۆژەی ئاوی هەولێر ل194-219.

2 -دکتۆر محەمەد عەبدوڵڵا عومەر، لێکدانەوە لەمانای (ئەربل) ل30-33.

6 -ئینسکلۆپیدیای هەولێر- بەرگی.(2)

شوێنەوار و کەلەپوور، هەولێر لەئینسکلۆپیدیای جیهانیدا

1 -دلشاد عەزیز زاموا

کرۆنۆلۆژیای هەولێر لە 65000 پ.ز- 242 زایینی لەژێر رۆشنایی کنە و پشکنینە شوێنەوارییەکاندا. ل526-538.

2 -دکتۆر رافیدە عەبدولسەمەد

هەولێر لەسەرچاوە مێخییەکاندا. ل623-627.

3 -دکتۆر یوسف خەلەف عەبدوڵڵا فەهداوی، قەڵاتی هەولێر ل709-716.

-دکتۆر یوسف خەلەف عەبدوڵڵا فەهداوی، خوێندنەوەیەك بۆ قەڵای هەولێر ل717-720.

4 -دکتۆر ئیبتیهال عادل تائی، پڕۆژەی ئاوی سەنحاریب بۆ قەڵای هەولێر ل723-725.

7 -ئینسکلۆپیدیای هەولێر بەرگی.(3)

مێژووی کۆن، مێژووی ئیسلام، مێژووی نوێ.

1 -دکتۆر جەمال رەشید ئەحمەد، هەولێر شاری خوداوەندی مەزن بیل و شاو و شکال 923-924.

2 -هەولێر لەکۆنەوارە سیاسیەکاندا ل971-972.

3 -دکتۆر ئەحلام سەعدوڵلا تالیبی، کۆلیژی ئاداب- زانکۆی موسلأ ل 975-979.

-مێژووی کۆنی سیاسی هەولێر.

4 -دکتۆر عەونی عەبدولڕەحمان سەبعاوی- کۆلیژی ئاداب- زانکۆی موسلأ- ل988-992.

-هەولێر لەسەردەمی ئاشوورییەکاندا.

5 -دکتۆر سوهەیلە مەجید ئەحمەد، کۆلیژی ئاداب- زانکۆی موسلأ- هەولێر لەماوەی داگیرکردنی ئەحمینی و سلوقیەکاندا. ل1011-1017.

6 -زوبێر بیلال ئیسماعیل

-شانشینی حەدیاب ل 1021-1029

-هەولێر لەمێژوودا ل 1058-1069

ڕۆژنامەی کوردی

7 -دڵشاد عەزیز زاموا شوێنەوارناس، چاوپێکەوتن، ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە (1466)، ڕۆژی 2012/10/22- هەولێر.

کتێبی عەرەبی

8 -زبير بلال اسماعيل

اربيل في ادوارها التأريخية.

دراسة تأريخية عامة لاربيل وانحائها منذ اقدام العصور تى الحرب العالمية الاولى، مطلعة النجف، 1970.

الحضارة والميثولوجيا في العراق القديم، بحوث ودراسات الاسطورة، اصل النوروز- البستنة، منشورات دار علاء الدين، طبعة الاولى سوريا 2003م.

9 -نائل حنون (دكتور)

مدن قديمة ومواقع اثرية، دراسة في الجغرافية التاريخية للعراق الشمالى خلال العصور الاشورية. دار الزمان: الطبعة الاولى سوريا، 2009م.

10 -رافدة عبدالله عبدالصمد القرداغي (دكتور)

كردستان العراق في التأريخ القديم في ضوء المصادر المسمارية من الالف الثالث ق.م حتى 612 ق.م

اطروحة تقدمت بها (رافدة عبدالله الصمد القرداغي) الى المجلس- كلية العلوم الانسانية- جامعة السليمانية كجزء من متطلبات نيل شهادة الدكتوراة في التأريخ القديم- 2008.

11 -طالب منعم حبيب

سنحاريب سيرته ومنجزاته 704-681 ق.م

رسالة تقدم بها طالب منعم حبيب الى المجلس الكلية للاداب في الجامعة بغداد وجي جزء من متطلبات درجة ماجستير في الاثار- 1986.

سەرچاوە ی پێگە ئەلیکترۆنیەکان:

12 -اربيل.. اقدم مدينة مأهولة في العالم 2018/1/10

Http://www.ahewar.org.ora/debat/show.art.asp?aid=208444

13 -اربيل فردوس العراق 2017/11/17

عالية كريم: قلعتها عمرها 6 الاف عام واحتيرت عاصمة للسياحة العربية لعام 2014

http://archive.aawsat.com/details.asp?section=41

14 -اربيل الكرسي الخالد الألهة عشتار 2017/11/17

http://maokom.com/site/article/3181

15 -الاسطورة: فراسح السواح 2018/1/17

http://www.maaber.5omegs.com/seventh-issue/mythology_1.htm

16 -الاسطورة والتاريخ: سعد سوسة 2017/4/15:

www.m.ahewar.org.

17 -احد عجائيب الدنيا السبع بنى من اجل اميرة كردية- يتى ميديا 2018/1/27:

Ara.yekitimadia.org.

18 -بلاد مابين النهرين في الالف الاول قبل الميلاد: صباح الناصري 2018/1/10

https://sabahalnassery.worldpress.com:2015/03/28

19 -بلاد اشور- شعب اشور 2017/12/5

https://st-takla.org/fall-free-coptic-books/free-coptic

http://st-takla.org/foull-free-cotoc.books/free

20 -علم الاثار- المعرفة: 2017/11/17

http://marefa.org%D8%B9%84

http://www.iraqia.iq/view.3397/

21 -دور العرب في تشير القنواة الاروائية 2018/1/11

http://www.iasj.net/ias/?func=articl&aid=20769

22 -دكتور بهنام ابو الصوف ، التنقيب في تل قالينج اغا (اربيل) 1965 2018/1/1:

.www.abualsoof.com

## Comparative Research between the science of Mythology and Archeology

**Mawlud Ibrahim Hassan**
Department of Kurdish, College of Language, Salahaddin University, Erbil, Iraq

dr.mawlud@gmail.com
mawlud.hassan@su.edu.krd

***Keywords:*** *Mythology, Archology, Sanareeb, Ishtar Arbilla, khariz, Water leg*

## Abstract

This study, under the title "the Sanhareeb Project of Erbil between Mythology and Archeology", is an analytical and comparative research. Today, sciences tend to approach each other and relations between them more shout out, including the humanities and the scientific experiments. This is due to the fact that it is human being who invents and coins these sciences and utilizes them as well. In the realms of time, these sciences are the products of human brain, and thus, the human mind is the centre of all thinking and processing in relations to sciences. Mythology and archeology, as such, are two very ancient and authentic fields of human knowingness, and in that term there is a deep connection between them, or even they complete one and another. This paper attempts to find out that strong tie between Sanhareeb Water Project of Erbil-681 B.C. and the myth of the Lovers' Stream. Also, it focuses on their mythical contrasts. This study affirms the logic that myth, in many cases, reaffirm the historical facts, and in many other cases, figures new things out. These upheavals undergo the categories of personality, place, time and event. In addition, myth is known to have always been on a track side of reality and the status quo; therefore, they can complete one another. However, myth has a special language of narration, which can be sometimes code-based and full of connotation. Besides, Myth changes time, place, personalities and incidents. That is why a scholar of mythology has to be alert and cautious. The writer of the present research, through the use of comparative-analytical method, has afforded to establish the connections between mythology and archeology in Sanhareeb Water Project and the myth of the Lovers' Stream. Consequently, some suggestions are proposed to the experts and the elite of both fields, so that afterwards the Kurdish experts will pay more attention to such ideas, and they will serve the Kurdish culture and community more.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤاریکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ملخص:

دراسة مقارنة وتحليلية للمشروع بين علم الاسطورة وعلم الاثار.. بعد تقدم العلوم والابحاث المختلفة تبين ان التقارب والمشاركة بين الاختصاصات المتباعدة فى العلوم الانسانية حتى العلوم المختبرية امر واقع . نحاول في بحثنا دراسة الواقع الاثاري والتاريخي لفكرة مشروع ماء سنحاريب ومقارنتها مع الاسطورة الكردية ( جدول العشاق – جۆگەی عاشقان ) الموجودة بين شعب واهل المنطقة.

نحن نعلم بأن للاسطورة لغتها واسلوبها الخاص في سرد الاحداث التاريخية والواقعية , حيث تغير الاشخاص والزمن والمكان والاحداث ، وتاتي بخصوصيات اسطورية للاحداث لكي تنسجم مع فكرتها الاسطورية للموقع والحدث . كل هذه الجوانب والأمور موجود في اسطورة ( جدول العشاق ) الكردية . مع هذا يبقي كثيراً من الواقع الاثري والتاريخى في الاسطورة ، وهناك نقاط واخبار باقية في الاسطورة لاتوجد في المصادرالتاريخية والاثارية ، حيث لاحظناها في اسطورة ( جدول العشاق ).

تبين لنا بالنتيجة ان الاسطورة ، وخاصة الاسطورة التاريخية والاثارية ، تعتمد اساسا علي الواقع والشخصيات التاريخية والاحداث المهمة . لقد اعتمدنا في هذا البحث علي استخدام منهج تحليلي مقارن لايجاد علاقة وثيقة بين مشروع سنحاريب واسطورة ( جدول العشاق ) الكردية ، وتوصل البحث الي مجموعة اهداف واقتراحات كي نعرضها علي المختصين في مجال الدراسات الاسطورية والاثارية في المستقبل ، والعمل معا في كشف المواقع الاثرية ، او التنقيب في المواقع المعروفة ، وجمع الاساطيرحول الموقع الاثري ، و لذا اتمني من المختصين في المجالين الاسطوري والاثاري من المختصين الكرد ، العمل والتعاون في هذا المجال المهم لخدمة الحضارة والثقافة الكردية .